گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130   P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper22

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/١٠/٠٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠١/٠٣
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991.(توێژینەوەیەکی مێژوویە)

**نجم الدين عبدالله اسماعيل[١] - مهدى محمد قادر[٢]**

mahdi.qader@su.edu.krd - najmaddin.ismael @su.edu.krd

[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومە دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێر لە ساڵانی 1975-1991، لەماوەی توێژینەوەدا بارودۆخی کشتوکاڵ لەپارێزگای هەولێر بایەخ و گرنگی تایبەتی هەبوە لەبەرەو پێشبردن و گەشەپێدانی ئابوری، وێڕای ئەوەی کەرتی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەرتە ئابورییەکانی تردا هەبوە، لەوانە کەرتی پیشەسازی و بازرگانی، بەو پێیەی بەروبومە کشتوکاڵییەکان ببونە سەرچاوەیەکی گرنگ کە وەک کەرەستەیەکی خاو لە کەرتی پیشەسازی سودی لێوەرگیراوە، جگە لەوەی چالاکیە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمەکانی کاریگەریان لەسەر جموجۆڵ و پرۆسەی بازرگانی وئاڵوگۆرکاری هەبوە. چ لەبازرگانی ناوەخۆی یان لەبازرگانی دەرەکیدا. خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەپارێزگای هەولێر لەژێر کاریگەری یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بۆ ڕێکخستن و چاککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بوە.

بە پشت بەستن بەچەندین داتا و ئاماری فەرمی حکومی کە بەدەست هاتون کاریگەری ڕوداوە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** کشـتوکـاڵ، پارێزگـای هەولێر، خاوەنداریێتی، زەوی، بەروبوم، سیاسیی.

## پێشەکی:

کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەو پێیەی کەرتی کشتوکاڵ بەهەردو بواری ڕوەکی و ئاژەڵداری لایەنێکی گرنگی ئابوری پارێزگای هەولێریان پێکهێناوە، بەپێی ئەوەی لەو ماوەیەدا کە سنوری توێژینەوەکە پیک دێنێ چەندین ڕوداو پێشهاتەی سیاسی لە عێراق وباشوری کوردستان ڕویانداوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر چالاکییە کشتوکاڵییەکان و ئاستەکانی بەرهەم هێنانی بەروبومە کشتوکاڵییەکاندا کردوە، هەڵبەتە ئەنجامدانی چالاکی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی بەروبومەکان لەپارێزگای هەولێر لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و بەدەستهێنانی داهات بوە بۆ دانیشتوان و هێنانەدی خۆشگوزەرانی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری ناوچەکە.

ئەو ڕوداوانەی کە لەوماوەیەدا ڕویانداوە هۆکارێک بون بۆ ئەوەی حکومەت چەند بڕیارێک دەربکات کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومە دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێردا هەبوە، بەتایبەتی ڕوداوەکانی دوای 11ی ئاداری 1974 و ڕێکەوتننامەی جەزائیر و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975، ودوبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی 1976 و هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق وئێران و دواتریش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق لە 2ی ئابی 1990 و هەڵگیرسانی جەنگی دوەمی کەنداو، جگە لەوەی حکومەتی عێراق بەدەرکردنی چەند بڕیارێک، پلانی بۆگۆڕینی دیمۆگرافیای باشوری کوردستان دارشتبو، هەروەها دەستیکرد بە هێرش و پەلامارەکان و سیاسەتی ڕاگواستن و شالاوی ئەنفال و کوشتن و بێسەر و شوێنکردنی گەلی کورد، دواتر تالان و سوتان و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی.

**گرینگی توێژینەوەکە:** گرینگی ئەو توێژینەوەیە، ئەوەیە کە زانیاری و داتای تایبەت بە کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومە دانەوێڵەکان لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 خراوەتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە خستنەڕوی داتا و زانیاری دروستە لەسەر کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەندرایێتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی دانەوێڵە لەپارێزگای هەولێر لە ساڵانی 1975-1991.

**کۆسپ و ئاستەنگەکانی ئەو توێژینەوەیە:** بریتیبو لە کەمی و پەرش و بڵاوی زانیاری و داتاکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ لەپارێزگای هەولێر لە ڕوانگەی بایەخی مێژوی ئابوری.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژویی و شیکاری و بەراوردکاری بەستراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست بارودۆخی کشتوکاڵ لەپارێزگای هەولێر بخەینەڕو.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە: لە پێشەکییەک و دو تەوەری سەرەکی و چەند دەرئەنجامێک پێکدێت. هەریەک لەتەوەرەکانیش چەندین بابەتیان لە خۆگرتوە. لە تەوەری یەکەمدا: تیشک خراوەتە سەر کاریگەری هۆکاری سیاسیی لەسەر خاوەندراێتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەپارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1975–1991، لەتەوەری دوەم باس لە ڕەنگدانەوەی ڕوداو پێشهاتە سیاسیەکان لەسەر بەروبومە دانەوێڵەییەکان لەپارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1975–1991دا کراوە.

## تەوەری یەکەم: کاریگەری هۆکاری سیاسی لەسەر خاوەندراێتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەپارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1975-1991

هەر ڕوداو پێشهاتێکی سیاسی لەعێراق و کوردستان کە ڕویانداوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەکردە سەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان. هەرچەندە لە سەردەمەکانی پێشودا سیستەمی دەرەبەگایەتی لە باشوری کوردستان بەهێز بوە، هەر بۆیە چەندین یاسایان لە بەرژەوەندی موڵکدارەکان دەرکردوە، بەو هۆیەوە ببونە خاوەن زۆرترین زەوی کشتوکاڵی (محمود، 2012: 65-68)، بەڵام لە ساڵانی 1975–1991 جیاواز بوە، ئەمەش بەهۆی بونی چەندین ڕوداو پێشهاتی سیاسیی کە لەعێراق و باشوری کوردستان ڕویانداوە و کاریگەریان لەسەر پەرەپێدان و گەشەسەندن و کەمبونەوەی چالاکییە کشتوکاڵییەکان و خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەپارێزگای هەولێردا هەبوە: وەک ڕێککەوتنامەی جەزائیر کە لە6ی ئاداری 1975 لەنێوان عێراق وئێران مۆرکرا (وزارة الخارجية العراقية، 1981: 314؛ زادە، 2013: 44)، و کۆتایی بەشۆڕشی ئەیلول هێنا. لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئێران هاوکاریەکانی بۆ پێشمەرگەی کوردستان ڕاگرت و چەکەکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە (برونيسن، 2007: 82؛ سعید، 2010: 25)، لەئەنجامی ئەم ڕوداوەدا ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان خەڵکی هەولێر کە بەشداری شۆڕش بون ئاوارەی ئێران بون، ئەوانەی گەڕانەوەش زۆربەیان شاڵاوی ڕاگوێزران بونەوە (خۆشناو، 2002: 280) کە ژمارەکەیان نزیکەی (150000) کەس دەبو (سورمێ، 1998: 70)، دوای ئەوە حکومەت دەستی بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان داگرت، هەر ئەمەش بوە هۆکاری ڕاستەوخۆی کەمبونەوەی دەستی کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان و خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگای هەولێر (محەمەد، 2004: 126).

دوای ئەوەش حکومەت لەسەر سیاسەتی دەستگرتن بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی باشوری کوردستان نەوەسـتـا، بەڵکو لەماوەی 1975-1991 چەند بڕیارێکی دەرکرد کە کاریگەری ڕاسـتەخۆیان لەسـەر خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای هەولێردا هەبو، لەوانە بڕیاری ژمارە (243)ی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش لەعێراق (ئارام، 2012: 249-241). کە لە 27 ی ئەیلولی 1975 دەرچو جەختی لەسـەر جێبەجێکردنی یاسـای ژمارە (1)ی سـاڵی 1974 دەکردەوە، کەتایبەت بو بە بەکرێدان و تەرخانکردنی زەوی و ڕاگرتنی ئەو زەویانەی کە بەگوێرەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117)ی 1970 دەیانگرتەوە (الوقائع العراقية، 1975: 22) بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ ڕاسپێردرا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و لەپارێزگای هەولێر دەسـتیگرت بەسـەر (118207) دۆنم زەوی، دواتر زەویەکەیان بەسەر (9163) کەس دابەشکرا، کە زۆربەیان جوتیاریش نەبون تەنیا لایەنگری حکومەت بون (محەمەد، 2004: 126).

دوای سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لە باشـوری کوردسـتان لەسـاڵی 1976 و زیادبونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەکانی هەولێر (ئەسەسەرد،2010: 112)، هێزەکانی عێراق تۆپبارانی گوندەکانیان کرد، بەهۆیەوە زیانی زۆر بەر کەرتی کشـتوکاڵ و خاوەنداریەتی زەوییە کشـتوکاڵییەکان کەوت، لەلایەکی تر پەیڕەویکردنی سیاسەتی ڕاگواستن (ئیسماعیل1، 1999: 4)، و بەبەعسیکردنی خەڵکی کوردسـتان لەلایەن حکومەتی عێراق تەنها پەیوەسـت نەبوە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵکو زۆربەی ناوچەکانی سـنوری پارێزگای کەرکوک و بەشـێک لە سـنوری پارێزگای هەولێریشـی گرتەوە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەو سـیاسـەتە لە ڕێگای هێنانەوەی پاسـاوی بە هێزکردنی چالاکییە ئیدارییەکانی دەزگای دەوڵەت و باشـترکردنی دۆخی ژیانی هاوولاتیان بو، هەروەها ناوی لەو شـوێنانە نابو دێهاتی هاوچەرخ، خەڵکی کوردستانیش پیان وتوە ئۆردوگای زۆرەملێ (مینە1999: 263-266)

دوای ئەوە لەئەیلولی 1976 حکومەت لەسنوری پارێزگای هەولێر درێژەی بە پرۆسـەی ڕاگواسـتن دا، لەئەنجامدا دانیشـتوانی نزیکەی (76) گوندی بۆ شـاری دیوانیە گواسـتەوە (خليل،2014: 45)، بەهۆیەوە زەرەروزیانێکی ماددی وگیانی بەر خەڵکی ئەو گوندانە کەوت، پاشـان حکومەت بەبڕیاری ژمارە (163) لە 11ی نیسـانی 1977 (29) ئۆردوگای زۆرەملی لەپارێزگاکانی باشـوری کوردسـتان دروسـت کرد (ئەسەسەرد،2010: 122)

لەلایەکی تر حکومەت لەسەر سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتوانی قەزاو ناحیەکانی تری سەر بە پارێزگای هەولێر بەردەوام بو، لەئەنجامدا دەسـتی کرد بە کاوڵکردن وسـوتاندنی موڵک ومـاڵ و زەوییە کشـتوکاڵییەکانی ناوچەکە. لەوانە لەسـاڵانی 1977-1978 لەقەزای چۆمان دانیشـتوانی (38) گوندی لە

هەردو دۆڵی باڵەکایەتی ڕاگواســت، پاشــان (30) گوندی لە دۆڵەکانی ڕۆســتێ و شــێوە زۆرایەتی و (74) گوند لەناحیەی شــێروان مەزن و(26) گوند لەناحیەی پیران بەر پەلاماری ســـەربازی و هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدونان و ڕاگواستن بون، دواتر زۆربەیان گواستراونەتەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی بەحرکە و پیرزین وکەســـنەزان (محەمەد، 2004: 130) پاشــــان گوندەکانیشــیان ســـوتاند و زۆربەی دەغل ودان ومەڕ و ماڵاتەکانیشیان بە تالان برد، پرۆسەی ڕاگواستن لەپارێزگای هەولێر هەر بەردەوام بو، گوندەکانی ناوچەی کەندێناوەی ســـەر بەپارێزگای هەولێری گرتەوە، دواترحکومەت بڕیاریدا کە کەندێناوە لەهاوڵاتیانی کورد چۆل بکرێت(ڕێباز، 2008: 49). هەمو ئەمانە کاریگەریان لەســـەر خاوەنداریەتی زەوییە کشـــتوکاڵییەکان هەبو. دەستی بەسەر زیاتر لە هەزاران دۆنم زەوی داگرت.

شــایانی وتنە حکومەت تەنها بەم کارەی نەوەســتا، بەڵکو دەیویســت ژمارەی ئۆردوگاکان زیاتر بکات، گوندنشـــینەکان بگوازێتەوە بۆ ئەو ئۆردوگایانە تاکو لەژێر چاودێری هێزە ئەمنیەکان دابن، لەو پێناوەدا لە 12ی کانونی دوەمی 1978 لیژنەی باڵای کاروباری باکور بروســـکەیەکی نهێنی و بەپەلەی ئاڕاســـتەی وەزارەتەکانی ناوەخۆ و بەرگری و پیشـــەســـازی وکانزاکان وکشـــتوکاڵ و ئاودێری ونیشـــتەجێکردن وئەنجومەنی یاســـادانان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردســـتان کرد تا 1ی حوزێرانی 1978نزیکەی (5419) خـانو بەنـاوی کۆمەڵگـای زۆرەملی (گونـدی هـاوچەرخ) لەپـارێزگـای هەولێر دروستبکەن (مصطفى، 2014: 239) دوای ئەوەی سەددام حوسێن لە 17ی تەموزی 1979 بوە سەرۆک کۆماری عێراق، دو مانگ دوای دەست بەکاربونی وەک سەرۆک، بڕیاریدا ئەو بارزانیانەی کە بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق ڕاگوێزرابون بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی بگەڕێنەوە، لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشـتەجێ بکرێن (نێروەیی، 2008: 47).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هاتنی ســـەرۆک کۆماری تازە هەمان ســیاســـەتەکانی ســـەرۆک کۆماری پێشـــوی بگرە توندتریش بەرامبەر بەکوردســـتان پەیڕەو دەکات، ســـەرەتای بڕیاری ســـەددام حوســـێن بەگەڕاندنەوەی ئاوارە بارزانیەکان هیچ خزمەتێکی بەچالاکییە کشـــتوکاڵییەکان و خاوەنداریەتی زەوییە کشـتوکاڵییەکان نەکرد، چونکە نەیهێشـت بچنەوە سـەر زەویەکانیان و لەگوندەکانی خۆیان نیشـتەجێبن، بەڵکو گواستینیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، ئەمەش کاریگەری کردە سەر بارودۆخی کشتوکاڵ لەناوچەکە، زەرەوزیانێکی زۆر بەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە کەوتبو.

دەکرێ بڵێین دوای هاتنە سـەر دەسـەڵاتی سـەددام حوسـێن بارودۆخی ئابوری عێراق و کوردسـتان لە ژێر کاریگەری بڕیارەکانی حکومەتی عێراق بەرەو داڕمان چوە (**زيني**، 2005: 251)، بەتایبەتی حکومەت دوای ئەوەی لە17ی ئەیلولی 1980 ڕێکەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشـــاندەوە، بەمەش بارگرژی لەنێوان

ئێران وعێراق دروســـت بو (العلاوي، الحديثي، 1991: 192). لە ئەنجامدا لە22ی ئەیلولی 1980 جەنگ لە نێوانیان دەســـتیپێکرد و ماوەی هەشـــت ســـاڵ بەردەوام بو(Lightfoot ،2006 : 46-48)، هەر بۆیە حکومەتی عێراقیش داهاتێکی زۆری دەوڵەتی خســـتە خزمەتی بواری ســـەربازی کە تا 1987 گەیشـــتە نزیکەی (40.11%) لەتێکڕای بودجەی گشتی عێراق( النصراوي، 1995: 126). شایانی باسە ئەم جەنگە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی کشتوکاڵ و خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کوردستان بەگشـتی وپارێزگای هەولێر بەتایبەتی هەبو، جگە لەوەی زەرەرو زیانێکی ئابوری بەر گوندەکانی سـەر بە پارێزگای هەولێر کەوت و زۆربەی کێڵگە و بەروبومە کشـــتوکاڵییەکانیان ڕوبەڕوی ســـوتان و وێرانکردن ببێتەوە (وزارة التخطيط، 1987: 13-22).

هەروەها بەهۆی ئەم جەنگەوە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی خاوەن هێز کە بەشـێکیان کاری کشـتوکاڵیان دەکرد ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران، کە بوە هۆکاری کەمبونەوەی هێزی کاری کشـتوکاڵی و ڕوبەڕوی ســـوتان و وێرانکردن ببێتەوە و خاوەنداریەتی زەوییە کشـــتوکاڵییەکانیش گۆڕانکاریان بەســـەربێت و زیادبونی هێزی سـەربازی وسـوپا بەجۆرێک لەماوەی جەنگدا ژمارەی سـەربازانی سـوپای عێراق بەم شێوەیە بو، ساڵی 1980 ژمارەکە گەیشتە(430) هەزار سەرباز، کە دەکاتە (13,4%) کۆی گشتی دەستی کار، بەڵام لە ســاڵی 1988 گۆڕانکارییەکی گەورەی بە ســـەردادێ و ژمارەی ســـەربازانی ســوپا بەرز دەبێتەوە بۆ نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز، کە دەکاتە (21,3 %) کۆی گشـتی دەسـتی کار واتا بە ڕێژەی لە (132 ,55%) زیادیکردوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبو لەســـەر کەمبونەوەی دەســـتی کار لە کەرتی کشـــتوکاڵ بە جۆرێک لە ســـاڵی 1975نزیکەی (42%) کۆی گشـــتی کارکەرانی بواری ئابوری نەتەوەیی پێکهێناوە، بەمەش ســەرجەمی زەوی چێندراوی بەرهەمی کشـتوکاڵی زسـتانە وهاوینە لەپارێزگای هەولێر لە1975-1980بەڕێژەیی (30 %) کەمی کرد (وزارة التخطيط، 1982: 11-37)، لەلایەکی تر دوای دەسـتپێکردنی جەنگە کە هەلێک بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەباشـوری کوردسـتان ڕەخسـاو حکومەتی عێراق ناچار بو بەشـــێکی زۆری هێزەکانی لەپارێزگاکانی هەولێر وســـلێمانی ودهۆک بکێشـــێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لەناوەڕاست وخواروی عێراق(کەنداڵ وئەوانی تر، 2002: 398).

هەر لەســـەرەتای جەنگەکەوە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق بەســـەختی خاکی ئێرانیان بۆردومان کرد بەرامبەر بەمە حکومەتی ئێرانیش بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ســـوپای عێراق و فراوانکردنی بەرەکانی جەنگ هاوپەیمانیەتیەکیان لەگەڵ هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان بەســـت(Sallh، Garry ،2005 : 174، O'Leary)، بەمەش چالاکییەکانی هێزی پێشـمەرگە لەناوچەکانی کوردسـتان بەگشـتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی بەشـــێوەیەکی فراوان پەرەی ســـەند، تەنانەت چالاکییەکان لەناو شـــاریش زیادیکرد و چەندین

گورزی کوشـــندەیان لەهێزە ناوەخۆیەکانی عێراق وەشـــاند (الکردســـتاني، 1982: 10) بەجۆرێک لەماوەی ســـاڵێکدا توانیان (764) چالاکی لەتەواوی باشـــوری کوردســـتان دژ بەهێزەکانی حکومەت ئەنجامبدەن و زیـانی گەورەی گیـانی ومـاڵی بەهێزەکـانی حکومەت بگەینن. لەوکـاتەدا حکومەتی عێراق بۆ زیـاتر خاپورکردنی ناوچەکانی باشـوری کوردســتان ولاوازکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی ســەرچاوەی داهات و هاوکاری دارایی ومرۆییەکانی هێزی پێشـــمەرگە کە زیاتر لە گوندەکانەوە دەهات چەند بڕیارێکی دەرکرد کە ڕاســـتەوخۆ کاریگەریان لەســـەر چالاکییەکانی کەرتی کشـــتوکاڵی و خاوەنداریەتی زەوییە کشـــتوکاڵییەکان لەپارێزگای هەولێردا هەبو (ئیســـماعیل2، 2017: 381) ئەم بارودۆخە هۆکارێک بو کە لەساڵی 1975تا ساڵی 1991 ژیانی ئاسایی لەگوندەکانی باشوری کوردستاندا نەمێنێ، زۆربەی گوندەکان ڕوخێندران و هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵیش سوتێندران یان لە جوتیاران قەدەغەکران کەبەرهەمەکانیان بدورنەوە (محمد، 2005: 48)، یەکێک لەو بڕیارانە بڕیاری ژمارە (489) بو کە لە 11ی نیســـانی 1981 دەرچو(الوقائع العراقية، 198: 111)' بەپێی ئەو بڕیارە حکومەت هەڵســـا بە دابەشـــی کردنی زەوی بەســـەر ئاوارە نێشـتەجێبوە عەرەبەکانی ناوچەکانی باشـوری کوردسـتان(مخموری، 2013: 49-50). بەتایبەتی لە ناوچەی کەندێناوە کە ژمارەیەکی زۆر لەو عەرەبانەی لەو ناوچانە نیشـتەجێ کرا بون، (لهێب، شـلیلە، شـێخ زێدان، السـبعاوی، طی، شـەمەر، سـنبس، الجمیلی، الصـدید ، الجوالە، الدلێم، الجبور، الحدیديین، النعیم)بون، شـایانی وتنە سـەرەتا ئەمانە زۆربەیان لەگوندی دێمەکار نیشـتەجێ بون، دواتر پەیتا پەیتا هاتنە گوندەکانی سەر بە ناحیەی کەندێناوە و گوێر و قەراج (مخموری، 2013: 70).

دوای بەدوای ئەمە حکومەت دەستی کرد بە نیشتەجێکردنی کورد لەپارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق (ئەســەســەرد،2010: 138). دوای بەســتنی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی بەعســی عەرەبی ئیشــتراکی لەســـاڵی 1982 و بڕیاری باشـــترکردنی کەرتی کشـــتوکاڵی لەپارێزگاکانی عێراقدا، بەڵام ئەم هەنگاوەی حکومەت لەپارێزگاکانی هەولێر و ســـلێمانی ودهۆک تەواو پێچەوانەی ئامانجەکانی بو، بەشـــێوەیەک لەوماوەیەدا ناوچەکانی کوردستان بەگشتی وهەولێر بەتایبەتی ڕوبەڕوی گەورەترین شاڵاوەکانی ڕاگواستن و کاوڵکاری بونەوە، و کاریگەریەکی گەورەی کردە سـەر چالاکییە کشـتوکاڵییەکان و خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کەرتی کشتوکاڵی پەکخست (رحمان، یوسف، 2016: 259)،

لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکییەکانیان بۆ سەر دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی حکومەت لەهەولێر چڕکردبۆوە، توانیـان زەرەرو زیـانی زۆریـان پێبگەینن، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بەنوســراوی ژمارە (4321) لە 1982/4/21 ئەو زانیاریانە بۆ هەمو بنکەکانی ســەر بەو بەڕێوەبەرایەتیە دەنێرێت تاکو ئاگاداری جموجۆڵەکانیان بن (نێرەوی، 2010: 254) دوای زیادبونی چالاکیەکانی هێزی

پێشـمەرگەی کوردسـتان، حکومەتی عێراق بەبڕیاری ژمارە (1391) دوبارە دەسـتیکردەوە بەئەنجامدانی ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی چەند گوندێک لە پارێزگاکانی هەولێر بۆ ناوەڕاسـت و خواروی عێراق (محمد، 2002: 26 ؛ الوقائع العراقية، 1981: 32)، دواتر دەستی بەسەر موڵک ومالّی دانیشتوانەکەیدا گرت، دوابەدوای ئەوە لەسـالانی 1982– 1983 بەبیانوی جێبەجێکردنی یاسـای ڕێکخسـتنەوەی زەوی کشـتوکالّی لەناوچەکانی باشوری کوردستان لە پارێزگای هەولێر دەستی بەسەر(2615462) دۆنم زەوی کشتوکالّی داگرت (وزارة التخطيط، 1983: 23) حکومەت لەسـالّی 1983یاسـای ژمارە (35)ی تایبەت بە بەکرێدانی زەوی وزار دەرکرد، ئامانجی لە دەرکردنی ئەم یاسایە خۆدزینەوە بو لە یاسای ژمارە(90)، توانی بەهۆی ئەم یاسا تازەیە سەنەد وخاوەنداریەتی زەوی کەمبکاتەوە، لەهەمان کاتدا لەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی ڕاگوێزرابون خاوەندرایەتی نەهێشـت، زۆربەی ئەو زەویانەی بەکرێدا بەو کەسـانەی کەسـەر بەدەسـەلات بون (الكردستاني، 1996: 23–24).

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەچەند ناوچەیەکی هەولێر بەتایبەتی لەقەزای چۆمان هێرشیان کردە سـەر هێزەکانی عێراق و زەرەو زیـانێکی زۆریـان پێگەیـاندن، حکومەت گەمـارۆیەکی ئـابوری تونـدی خسـتەسـەر ئەو ناوچانەی لەژێر هەژمونی هێزی پێشـمەرگەدابون، بەمەش بژێوی ژیانی دانیشـتوانی ناوچەکە زۆر قورس بو، سـەرباری ئەوەی خواردن وخۆراکیەکانی پێشـمەرگەش لەئەسـتۆی جوتیارانی گوندەکان بو(دیبەگەیی، 2011: 343).

دوای ئەوە بەردەوام هێزی زەمینی و ئاسمانی عێراق هێرشیان دەکردە سەر دێهات و ئەو ناوچانەی کە گومانیان هەبو هێزی پێشـمەرگەی تێدایە، هەروەها لە هەر شـوێنێکی پارێزگای هەولێر پێشـمەرگە هێرشـی کرد بوایە سەر سوپای عێراق، ڕاستەوخۆ حکومەت گوندەکانی ئەو ناوچەیەی دەڕوخاند و دەستی بەسەر موڵک ومالّ و زەوییەکاندا دەگرت و خەڵکەکەشـی دەگواسـتەوە بۆ ئۆردوگاکان (گوڵپی، 2011: 183)، بۆ نمونە دوای ئەوەی سـالّی 1985 هێزەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان لە گوندەکانی ئازیانە و قەشـقە و جلبەسـەر لەدەشـتی هەولێر زەبرێکی گەورەیان لە سـوپای عێراق و سـوپای نانیزامی (جاش) وەشـاند، حکومەت بەرامبەر بەو چالاکییە بڕیاردا کردەی سەربازی بۆ سەر ئەم گوندانە ئەنجام بدات و گوندەکانیش تێکدران و خەڵکەکەشـی گواسـتەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان، دوای ئەوە لە 7ی ئایاری هەمان سـالّ بەبڕیاری حکومەت سـوپا (27) گوندی لە ناوچەی بێسـتانە لەدەشـتی هەولێر سـوتاند و خەڵکەکەشـیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگواست (الشعب، 1985: 8)،

بەمەش زەرەروزیانێکی زۆر بەر کەرتی کشتوکالّی ناوچەکە کەوت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ڕاگواسترابون جوتیار بون، هەروەها حکومەتیش هەوڵیدەدا بۆ نەهێشتنی یارمەتیەکان بۆ هێزی پێشمەرگە

و لاوازکردنی ئابوری باشوری کوردستان و برسیکردن و بێکارکردنی گوندنشینەکان و زیندوکردنەوەی دەرەبەگایەتی و گێڕانەوەی جوتیاران بۆ ژێر دەسەلاتی ئاغاکان، هەروەها پێدانی زەوی کشتوکاڵی بەموستەشارەکان وهاندانیان بۆ ئەوەی بچنە ناو ئۆردوگاکان و هەوڵ لەگەڵ خەڵکەکە بدەن تاوەکو بیانکەن بەجاش وچەک بۆ حکومەت هەڵبگرن دژی پێشمەرگە لەجیاتی ئەوەی پشت وپەنای پێشمەرگە بن (سەفین، 1986: 1).

زۆری نەخایاند لە تەموزی هەمان ساڵ حکومەت بەبروسکەی ژمارە (2394) بڕیاری سەپاندنی زیاتری ئابلۆقەی ئابوری بۆ سەر ئەو ناوچانەدا کەلەژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەدا بون، هەروەها بۆ درێژەدان بە سیاسەتی کوشتن ودەربەدەرکردن و ڕاگواستن و زەوی سوتاندن وتێکدانی گوندەکانی کوردستان (نێروەیی، 2010: 254؛ وۆچ، 1999: 166). هەر چەندە لەوکاتەدا بەشێک لەسەرۆک عەشیرەتەکان وسەرۆک جاشەکان ژێر بەژێری هاوکاری ئابوری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد (نێروەیی، 2010: 606) .

دوابەدوای ئەوەی لە 29ی ئاداری 1987بەبڕیاری ژمارە (160) عەلی حەسەن مەجید کرا بە بەرپرسی باکور بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حکومەت دژ بە خەڵکی کوردستان، ئەویش بڕیاری دا دەست بەسەر زەوی و مولک و ماڵی پێشمەرگە دابگیرێن (الوقائع العراقية " الجريدة "، ع (4024)، 3نیسان 1987: 14؛ عەلی، 2008: 184 – 185) و گوندەکانیش بڕوخێنن و خەڵکەکانیش بەسەر ئۆردوگا زۆرەملێیەکان دابەش بکەن، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لەپارێزگاری هەولێر بەسەرۆکایەتی پارێزگار ئیبراهیم زەنگەنە و ئەندامیەتی هەر یەک لە سەباح عەبدولستار قاسم جێگری پارێزگار و عەبدولمنعم بادی مەحەمەد ئەمینداری هۆبەی ناوەندی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، عەبدوڵڵا حەسەن خەفاف یاریدەدەری پارێزگار، مامەند عەباس ئاغا قایمقامی ناوەند، تەلعەت هادی ئەحمەد قایمقامی زێبار، عەمیدی پۆلیس لوقمان حامد سەلیم بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، رائیدی ئەمن کامل عەباس بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر پێکهێندرابو، لەهەر ناحییەک لیژنەیەکی هاوشێوە بەشێوەیەکی بچوکتر پێکهێنرا (حەمەد ئەمین، 2016: 112).

دوای ئەوە شاڵاوەکانی گوند ڕوخاندن دەستیپێکرد، لەسەرەتادا ئەو گوندانە ڕوخێنران کە لەژێر دەسەلاتی حکومەتدا بون، لەوانە گوندەکانی قەراج وکەندیناوە و دەشتی هەولێر کە بەپێی ئامارەکان لەم شاڵاوەدا نزیکەی (912) گوند وچەند قەزاو ناحیەیەک بەر ئەو شاڵاوە کەوتن (حەسەن، 2007: 53) حکومەت هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو لە3ی حوزەیرانی1987 بەبڕیاری ژمارە(457) هەمو بەڕێوەبەرایەتیە کشتوکاڵییەکانی لەپارێزگاکانی باشوری کوردستان بەهەمو بڕیار و بەڵگەنامەکانیەوە هەڵوەشاندەوە

(الوقائع العراقية، 1981: 11؛ دزەیی، 2001: 48)، بەمەش ڕوبەرێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی دەستی بەسەرداگیرا، بەجۆرێک لەپارێزگای هەولێر ڕوبەری (889706) دۆنم زەوی دەستی بەسەرداگیرا (وزارة التخطيط، 1988، 1990: 31، 44؛ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، داتای بلاونەکراوە: 12) دوا بەدوای ئەوە حکومەت درێژەی بە دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری جوتیارانی هەولێر ودهۆک وسلێمانی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد دا، لەو پێناوەدا دەستی کرد بە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال وکیمیاباران، کە بەهۆیەوە زۆربەی گوندنشیەنەکان دەستگیرکران وبەشێکیشیان هاتنە شارەکان، زەویە کشتوکاڵییەکانیشیان هەندێک درا بەعەرەبە هاوردەکان وئەویتریشیان دەست بەسەرداگیرا (خۆشناو، 1992: 12؛ مینە، 1999: 256-257؛ سنجاري، 2008: 194) شاڵاوی ئەنفال کە لە15ی ئایاری 1988 تا 26ی ئابی 1988 بەردەوام بو (عومەر، 2002: 297-298). ئەم شاڵاوە چەند ناوچەیەکی پارێزگای هەولێری گرتەوە، لەوانە هەریەک لە گوندەکانی بالیسان وشێخ وەسان وتوتمێ وکانی بەرد و بێراوە و مەلەکان و سماقولی و گەرەوان وسران وبلەی سەرو فەقێیان وئاکۆیان بو (ئەسەسەرد،2010: 158) هەر لەو ماوەیەدا لەپارێزگای هەولێر(295) گوند وێرانکران (ولی، 2008: 134) و مولک و ماڵەکانیش بە تاڵان بردران و دەستیش بەسەر ڕوبەری (830213) دۆنم زەوی کشتوکاڵیدا گیرا (وزارة التخطيط، 1989: 33؛ الآمانة العامة للزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي،1991: 51) .

لەلایەکیتر دوای کۆتای هاتنی جەنگی عێراق و ئێران لە 1988/8/8وکشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوریەکان حکومەت هەر بەردەوام بو لەسەر سیاسەتی ڕوخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگاکان ئەمجارە بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە لەهێزی پێشمەرگەبو، هەندێک جاریش بەبێ هیچ بیانوەک ئەو کارەی ئەنجامداوە، دوای ئەوەش چەند ناوچەیەکی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد (ئەسەسەرد،2010: 160).

شایانی باسە لەساڵانی 1989-1990 لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆک تەنیا (673) گوند مابون، دوبەشی ئەو گوندانەی کە لەپارێزگای هەولێر مابون لە دەوروبەری شار و ناوچەکانی مەخموربون (وۆچ، 2013: 420)، حکومەت لەسەر سیاسەتی ڕاگواستنی کورد هەر بەردەوام بو، ئەوەبو لەساڵی 1990 (6) گوندی سەر ناوچەکانی مێرگەسۆر و (4) گوندی لەناحیەی دیانا بۆ ئۆردوگاکانی سارداو باسرمە و دێلیزیان ڕاگوێزران و دەستیی بەسەر مولک وماڵ و زەویەکانیان داگیرا (محەمەد، 2004: 156) .

هەروەها دوای دو ساڵ لەوەستانی شەڕی عێراق وئێران، حکومەتی عێراق بەبڕیاری سەرۆک کۆمار لە 2ی ئابی 1990 وڵاتی کوێتی (طاهر، 2000، 54-55) داگیر کرد. دوای ئەوە نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لە عێراق کرد لەکوێت بکشێتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق پابەندی ئەم بڕیارە نەبو، بۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان

لە 6ی ئابی 1990 بڕیاری (661)ی دەرکرد، تیایدا ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق دانا و هەمو جۆرە بازرگانیەکی لەگەڵ عێراق قەدەغە کرد، تەنها بازرگانی کردن بە خواردەمەنی و خۆراک و داو دەرمان و پێداویستیەکانی ژیان نەبێ (حەمەد ئەمین، 2016: 169)، دوای سەپاندنی ئابلوقەی ئابوری لە ساڵی 1990 بەسەر عێراق، باری ئابوری عێراق بەتەواوی توشی دارمان هات (زيني، 1999: 34). هەروەها داگیرکردنی کوێت و سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراقدا کاریگەری کردە سەر کەرتە ئابورییەکان ، بۆیە حکومەت هەوڵیدا لە ڕێگای کەرتی کشتوکاڵ ڕوبەڕوی ئەم ئابلۆقە ئابوریە ببێتەوە، هەر بۆیە بڕیاریدا زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەش بکات، لەپارێزگای هەولێر پارێزگار و کاربەدەستانی حکومی وحزبی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بەسەرخۆیان و نزیکەکانیان و موستەشارەکاندا دابەشکرد، بەشێک لەزەویەکانیشیان بەکرێیەکی زۆر بەجوتیاراندا (المشاط ، 2008: 124) جگەلەوەش بەبیانونی جۆراوجۆر لەسالانی 1990-1991 حکومەت دەستیگرت بەسەر ڕوبەری (889765) دۆنم زەوی لە پارێزگای هەولێر، پاشان بەسەر (43213) کەسەی لایەنگری خۆی دابەشکرد کە زۆربەیان جوتیاریش نەبون (وزارة التخطيط، 1991: 37؛ الآمانة العامة للزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي،1991: 22-44) .

دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی حکومەت بەڕوکەش هەوڵیدا کەرتی کشتوکاڵی بەرەو پێش ببات وهاوکاری جوتیاران بکا، بەڵام ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەسالانی 1975-1991 لەلایەن حکومەت بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دەرکران کاریگەری نەرێنیان کردبوە سەر خاوەنداریتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومە کشتوکاڵییەکان. ئەبێ بوترێ بەم هەنگاوانەش حکومەت نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێ، بەڵام وای نیشاندا یاسای ژمارە (90) ی ساڵی 1975 ۆ ڕێکخستنەوەی زەوی کشتوکاڵی ودیاریکردنی ڕادەی زەویوزار و هێنانەدی دادپەروەری وباشترکردنی ژیان وگوزەرانی جوتیاران دەرچوە، بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانە بو، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت بەئەنجامدانی پڕۆسەی ڕاگواستن و دەرکردنی چەند یاسایەک توانی لەهەوڵەکانی بۆ دیاریکردنی خاوەنداریتی زەوی و چالاکی کشتوکاڵی سەرکەوتو بێ و چەندین ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی لە جوتیاران بسێنێتەوە و بە شێکی بکاتە زەوی میری و ئەویتریش بەسەر لایەنگرانی دا دابەش بکات، هەروەها هەر یاسایەکی چاکسازی کشتوکاڵی و بڕیارێک کە لەلایەن حکومەت دەرچوە تەنیا بۆ بەهێز بونی دەسەڵاتی ناوەندی بوە، نەک بۆ بەرەو پێشبردن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی، تەنیا بۆ چەواشەکردنی خەڵک بوە، ئەمەش بەئاشکرا لەسیاسەتی ئابوری بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستان دەردەکەوت، بەتایبەتی دەرکردنی چەند بڕیارێک لەو ماوەیەدا، کە هاوتەریب بون لەگەڵ بەرنامەی بەرەو پێشبردن و ڕێکخستنەوەی خاوەنداریتی زەوی وچالاکی کشتوکاڵی وهێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەو یاسا وبڕیارانەی کە لەماوەی 1975-1991 دەرچون نەک نەیتوانی کۆتایی بەکێشەی زەوی

وزارو خاوەنداریەتی زەوی بهێنێ، بەڵکو کێشەی زەویوزارو خاوەنداریەتی زەوی بردە قۆناغێکی مەترسیدار و هەنگاوی بەرەو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردیش برد بۆیە تاکو ئێستاش کێشەی زەویوزار چارەسەرنەکراوە.

**تەوەری دوەم: ڕەنگدانەوەی ڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر بەروبومە کشتوکاڵییەکان (بەروبومی دانەوێڵە) لە پارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی** 1975-1991

**- بەروبومە کشتوکاڵییەکان**

بەروبومە کشتوکاڵییەکان بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و کەرتی پیشەسازی، لە پارێزگای هەولێر بەپێی ئەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندبو بە توانستە سروشتی و مرۆییەکان، هەر بۆیە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی جۆرا وجۆری تێدا بەرهەم هاتوە، بەروبومە کشتوکاڵییەکان بەگشتی لەدو بەشی گرنگ پێکهاتون، بەروبومی کشتوکاڵی و بەروبومی ئاژەڵی، بەروبومە کشتوکاڵییەکان دابەشی چەند جۆرێک دەبن وەک: بەروبومە خۆبژێوییەکان، بەروبومی میوە وسەوزە، بەروبومە پیشەسازییەکان و بەروبومی سروشتی و دارستانەکان، کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

**- بەروبومە خۆبژێوییەکان (دانەوێڵەکان)**

بەروبومە خۆبژێوییەکان لە پارێزگای هەولێر بەبەراورد بە بەروبومەکانیتر پێگەیەکی گرنگیان هەبو، چونکە ئەو بەروبومانە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی دابین دەکرد، و پۆلێن دەکران بۆ سەر چەند جۆرێک کە لەخوارەوە یەکە یەکە باسیان لێوە دەکەین:

1 – **بەرهەمی گەنم**: بەرهەمێکی زستانەیە، جۆرێکە لەجۆرەکانی بەرو بومە دانەوێڵەییەکان، بەشێوەیەکی فراوان لە باشوری کوردستان دەچێنرێت، گەنم خۆراکی سەرەکی دانیشتوانە، بۆیە بایەخی زیاتری پێدراوە (مەحمود، 2012: 52)، ڕوبەری چێندراوی زەوی کشتوکاڵی بە بەرهەمی گەنم زیاترە بەراورد بە بەرهەمی جۆ، هەرچەندە لەڕوی برشتەوە بەرهەمهێنانی جۆ لە بەرهەمهێنانی گەنم زیاترە (**النعيمي**، 2000: 112)، هەروەها چاندنی گەنم لە ناوچە شاخاویەکان بەبەراورد بەناوچە دەشتاییەکان زوتر دەچێنرێت و زوتریش دەدورێتەوە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی ئاوهەواکەیەتی (سەعید، 2014 : 136 – 137)، بەگشتی گەنم بەروبومێکە لە وەرزی پایزدا دەچێنرێت و لە سەرەتای وەرزی هاوین دەدروێتەوە، چاندنی گەنم پێویستی بە خاکێکی تێکەڵە هەیە، کە تێکڕای بارانی ساڵانەی لەنێوان (200 – 600) ملم بێت (**حسين**، 2004: 13) . ئەگەر دوابکەوێت ئەوا کاریگەری لەسەر بڕ وجۆری بەرهەمەکە دەبێت لەڕوی چەندایەتی وچۆنایەتیدا، جگە لەوەی چەندین جۆر گەنم لە پارێزگای هەولێر بەرهەمهاتوە لەوانە گەنمی قەندەهاری (عثمان، 2019: 95) و ڕەش گوڵ، مەکسیپاک، ئینیا، زەردکە، سپیکە، فلۆڕەنس، جوری، عەجیبە، ئوستڕاڵی (محمد، 2018: 47).

## 2- بەرهەمی جۆ

یەکێکە لە بەروبومە زســـتانەییە گرنگەکان، کە بەشـــێوەیەکی فراوان دوای بەرهەمی گەنم لە باشـــوری کوردســـــتان دەچێندرێت، بەرهەمی جۆ لەنێوان جۆرەکانی دانەوێڵەدا لەڕوی بایەخە ئابورییەکەی و لەڕوی بەرهەمییەوە لەدوای بەرهەمی گەنم وچەڵتوک وگەنمە شـــــامییەوە بەپلەی چوارەم دێت (ئەحمەد 2003: 11)، بەروبومی جۆ لە وەرزی پاییز دەچێنرێت و لە وەرزی بەهاران دەدروێتەوە، لەو ناوچانە دەچێنرێت کە بارانیان کەمە و خاکەکەیان کەم پیتە، لەگەڵ ئەوەش جۆ زیاتر بەرگەی کەم ئاوی دەگرێ، وە لە کاتی خراپی باری ئابوری و کەم بارانی شـــوێنی گەنم دەگرێتەوە و دەبێتە ماددەیەکی ســــەرەکی خۆراک، وە لەزۆر بواردا بەکاردێت وەک خۆراک بۆ مرۆڤ و ئالیک بۆ ئاژەڵ، جگە لەوەی جۆ وەک کەرەســــتەیەکی خاو دەچێتە بواری پیشـــەســـازی بیرە، ئەمەش ســـەرچاوەیەکی داهاتە بۆ دەوڵەت (عەبدولکەریم، 2010: 41-45؛ مصـطفی، 2014: 42-44)، بەگشـتی دو جۆر جۆ لە پارێزگای هەولێر چاندراوە ئەوانیش (جۆی ڕەشـــکە) کە وزەی زیاتری تێدایە و بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکارهاتوە، هەروەها (جۆی ســـپیکە)ش وەک ئالیکی ئاژەڵ و هەندێک جاریش بۆ دروســـــتکردنی نانیش بەکارهاتوە (الیونس، 1995: 232)، لەهەمان کاتدا بەرهەمی جۆ وەک ســــەرچاوەیەکی گرنگی دەســـــتکەوتنی داهاتبو بۆ مولکدارەکان و جوتیاران بەڕێژەیی جیاواز بەپێی ڕوبەری زەوییە چێندراوەکان (ئەحمەد 2003: 11).

شایانی وتنە بەهۆی لەباری خاکی پارێزگای هەولێر کە زۆربەی دێمیە و پشت بەئاوی باران دەبەستێت، بۆیە تێچوی بەرهەمهێنانی بەرهەمی گەنم و جۆ بە بەراورد بە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق کەمترە (وزارة الزراعة، 1981، 1988: 44-77، 27-67)، لەماوەی لێکۆڵینەوەدا پارێزگای هەولێر ساڵانە لەڕوی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە بەپلەی یەکەم هاتوە. (ئەمین ، 2014: 250).

شایانی باسە لەپارێزگای هەولێر ساڵانی 1975-1991 زۆرترین ڕوبەری داچاندنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان بۆ بەروبومە دانەوێڵەییەکان تەرخانکرابو، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بڕو جۆری بەروبومە دانەوێڵەییەکان لەڕوی چەندایەتی وچۆنایەتیدا هەبوە، هەر لەو ساڵانەدا بڕی بەرهەمی گەنم و جۆ بەڕێژەیی جیاواز بەرهەم هاتون (بڕوانە پاشکۆی ژمارە1).

شایانی وتنە لە پاشکۆی ژمارە (1) دەکرێ چەند سەرنجێک دەربارەی ڕوبەری چێندراو و بەرهەمی گەنم و جۆ لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە بخەینە ڕو:

لەســـــاڵانی 1975-1991 بەگشـــــتی ڕوبەری داچێندراوی زەوی کشـــــتوکاڵی بەرهەمی گەنم وجۆ لە پارێزگای هەولێر هەڵکشان وداکشانی بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەیەکی زۆر بەشداریکردوە لە تێکڕایی بەرهەمی گەنم وجۆ لە عێراق، زۆرترین ڕێژەیی داچێندراوی زەوی کشتوکاڵی و بەرهەمی گەنم لە

ساڵی1980دا بوە، کە ڕووبەری داچێندراوی زەوی کشتوکاڵی نزیکەی (984400) دۆنم و بەرهەمەکەشی (907500) تەن بوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی کشتوکاڵی لەلایەن حکومەت وهاوکاری کردنی جوتیاران و قەرەبوکردنەوەی خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان و پێدانی قەرز و پێشینەی کشتوکاڵی بە جوتیاران لەرێگەی بانکی هاریکاری کشتوکاڵی لقی پارێزگای هەولێر (**وزارة الزراعة والري للإقليم كردستان العراق، بيانات غير منشورة**: 47)، هەروەها زۆرترین ڕێژەیی داچێندراوی زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمی جۆ لەساڵی 1990بوە، کە ڕووبەری داچێندراوی نزیکەی (993400) دۆنم و بەرهەمەکەشی (191674) تەن بوە، جگە لە بایەخی حکومەت بەکەرتی کشتوکاڵی، لەم ساڵەدا بڕی باران بارین بەپێی پێویست بو کە گەیشتۆتە (401.1)ملم (**الإمانة العامة الآدارة الزراعة والاصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي**، 1991: 23؛ **وزارة التخطيط**، 1991: 11).

- ڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان کردبوە سەر بەربومی گەنم وجۆ لە پارێزگای هەولێر، بەجۆرێک لە ساڵی 1975 سەرەڕای ئەوەی ڕووبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی گەنم بەشێوەیەکی باش بوە، بەڵام بڕی بەرهەم کەمبوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕودانی چەندین شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، کە بەم هۆیە ڕووبەرێکی زۆر زەوی چێندراو بەدانەوێڵە سوتێندران و ژمارەیەکی زۆری جوتیارانیش لەڕیزی هێزی پێشمەرگە بون نەیانتوانی بەرهەمەکانیان بدورنەوە، لەلایەکی تریش حکومەت یاسای ژمارە(90)ی تایبەت بە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی وەک خۆی جێ بەجێنەکرد، بەڵکو کەرتی کشتوکاڵی لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی پشتگوێخستبو، و بەرهەم بەشی پێویستی دانیشتوانەکەی نەدەکرد، هەر بۆیە حکومەت ناچار بو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوەخۆییەکان لەڕێگای وەزارەتی بازرگانی بەرهەمی دانەوێڵە لەدەرەوە هاوردە بکات (**وزارة الزراعة والري للإقليم كردستان العراق، بيانات غير منشورة** : 69).

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ساڵی 1976 ڕووبەری چێندراوی زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمی گەنم وجۆ هەڵبەزینی بەخۆیەوە بینیوە، هۆکاری ئەو زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاتن بەشۆڕشی کوردستان، کە بەهۆیەوە بەناچاری ژمارەیەک لەجوتیارانی هەولێر گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان، پاشان بۆ بژێوی ژیانیان پێویستیان بە دابینکردنی خۆراک بو، بۆیە زەوییەکانیان داچاند (**وزارة التخطيط** ، 1976: 76)، هەروەها حکومەت وێڕای ئەوەی خەڵکی ڕاگواستوە، بەڵام بەشێک لە زەوی ئەو جوتیارانەی کە نەگەڕابونەوە بەسەر دار و دەستەکانی خۆی دابەشکردوە، و لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵی قەرزی وەک پێشینەی کشتوکاڵی داوە بەجوتیاران لەو ساڵەدا جوتیارانی هەولێر بڕی (1257000) دیناریان وەرگرتوە(**المصرف الزراعي التعاوني**، 198: 60-76)، ئەمانەش کاریگەریان لەسەر زیادبونی بڕی بەرهەمدا هەبو.

لەلایەکی تر ســـالّی 1977 ڕوبەری زەوی چـانـدنی بەرهەمی گەنم وجۆ دابەزیوە، هۆکـاری ئەم دابەزینەش دەگەڕێتەوە بۆ جێ بەجێنەکردنی یاســای ژمارە (90)ی ســالّی 1975 تایبەت بە ڕێکخســتنی مولّکداریەتی کشــتوکالّی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی کوردســتانی عێراق ، چونکە بەشـێک لەجوتیاران وازیان لە زەویەکاندیان هێنا و بەو یاســـایە ڕازی نەبون (وەزارەتی پلان دانان، داتای بلاونەکراوە: 34)، ئەمەش ئاماژەیەکی ترســـناک بو لە بونی ئەو کەلێنە خۆراکییەی کە لەبەروبومی گەنم وجۆ دا لە پارێزگای هەولێر هەبو، چونکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەبو حکومەت لەرێگـای هـاوردەکردنەوە دابینی بکـات، ئەمەش کاریگەری خراپی کردە سـەر توانای ئابوری ناوچەکە و تەرازوی پارەدان توشـی کورت هێنان و لاسـەنگی بۆوە(**وزارة التخطيط**، 1978: 21). بەلّام ســـالّی 1978 ڕوبەری چێنـدراو بەرهەمی گەنم وجۆ ڕوی لە هەلّکشـــان کردوە، هۆکارەکەشـــی دەگەڕێتەوە بۆ چارەســـەرکردنی بەشـێک لەو گیروگرفتانەی کە بەهۆی هەندێک لە مادده و بڕگەکانی یاســـای ژمارە (90)ی تایبەت بە ڕێکخســـتنی مولّکداریەتی کشـــتوکالّی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی کوردستان ڕوبەڕوی جوتیاران ببوە، سەرەڕای ئەوەی حکومەت دەستیکرد بە پێدانی پێشینەی کشتوکالّی بە جوتیاران لە ڕێگەی بانکی کشتوکالّی، هەروەها پێدانی بڕێکی زیاتری پەینی کیمیاوی و دامەزراندنی کۆمەلّەی هەرەوەزی و کردنەوەی خولی هەرەوەزی بۆ جوتیارانی پارێزگای هەولێر(نەژاد، 1978: 60)، ئەمانە کاریگەرییان هەبو لەسەر زیادبونی ڕوبەری چێندراو و بەرهەم لە پارێزگای هەولێر.

ئەگەر سەیری ڕوبەری چێندراوی بەرهەمی گەنم وجۆ لە سالّی 1979 بکەین دەبینیین ڕوی لە داکشان کردۆتەوە، ئەمەش یەهۆی کاریگەری بارودۆخی ســـیاســـی ناوچەکە و بەردەوامی پرۆســـەی ڕاگوســـتن وخاپورکردنی گوندەکان بوە (ئیسماعیل2، 2017:382).

جێگای ئاماژەیە ڕوبەری چێندراوی زەوی کشتوکالّی بۆ بەرهەمی گەنم وجۆ لەماوەی سالّانی 1980-1991 هەلّبەزین ودابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری هۆکاری سیاسی بوە، بۆ نمونە لە ســالّانی 1980-1988 بەهۆی هەلّگیرســانی جەنگی عێراق و ئێران و هەروەها شـــەڕی ســوپای عێراق و هێزی پێشـــمەرگە و بڕیارەکانی حکومەت لەو ماوەیەدا کاریگەری ڕاســـتەوخۆیان لەســـەر ڕوبەری زەوی چێندراو و بەرهەمی گەنم وجۆدا هەبوە. بۆ نمونە هەروەکو پێشـــتر ئاماژەمان پێکردوە کە ڕوبەری زەوی چێندراو و بەرهەمی گەنم و جۆ لە سالّی 1980 لەبەرزترین ئاست دابوە، ئەمەش بەهۆی هاندانی جوتیاران بو لەلایەن حکومەت و خەلّکیش ترسی ئەوەیان هەبو بەهۆی خراپی ڕەوشی سیاسی وسـەربازی بەرهەم کەمبێتەوە و برســـیەتی بلاوببێتەوە بۆیە ڕوبەرێکی زیاتریان چاندوە، بەلّام لە ســـالّی 1981 بڕی بەرهەم کەمدەبێتەوە، ئەمەش لەلایەک بەهۆی جەنگەکەوە بو، چونکە پارێزگای هەولێر بوبوە مەیدانی شـــەڕ و لەلایەن فڕۆکەکانی ئێران بۆردومان دەکرا و زەوییە کشـتوکالّییەکان و بەرهەمەکان دەسـوتێنران، هەروەها

لەو ساڵەدا حکومەت بڕیاریدا بەکرێنەوەی بەشێک لە خاوەنداریەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە جوتیارانی کورد و دابەشکردنیان بەسەر ئاوارە نیشتەجێبوە عەرەبەکانی ناوچەکە، هەروەها حکومەت بەبڕیاری ژمارە (1391) لە20ی تشرینی یەکەم 1981دەستیکرد بەهەڵمەتێکی فراوان بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی چەند گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر، ئەمەش بوە هۆکاری کەمبونەوەی دەستی کار و بەرهەم، بەمەش ڕوبەری چێندراو بەرهەمی گەنم وجۆ لەم پارێزگایە کەمبوەوە (ئیسماعیل2، 2017: 382).

لە ساڵی 1982 ڕوبەری زەوی چێندراو و بەرهەمی گەنم وجۆ کەمبۆتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە داپلۆسێنەرە بو، کە حکومەت بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان پەیڕەوی دەکرد، کە خۆی لە شالاوی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و سوتاندن و خاپورکردنی گوندەکان دەبینیەوە (**عزیز**، 2007: 115). لەلایەکی تر ڕوبەری زەوی چێندراو وبەرهەمی گەنم وجۆ لە سالانی (1983- 1984-1985) ڕوەو هەڵکشان چوە، هەرچەندە حکومەت لەسەر سیاسەتی ڕاگواستنی گوندنشینەکان بەردەوام بوە، بەڵام حکومەت لەوماوەیەدا لەڕێگای هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی کەلایەنگریان بون و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان پێدابون، بەپێدانی پەینی کیمیایی و پێشینەی کشتوکاڵی وئامێر و ئامرازەکانی کشتوکاڵکردن، توانی ڕوبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم وجۆ زیاد بکات (**وزارة التخطيط**،1990: 47-148؛ **وزارة الزراعة والإصلاح الزراعي**، 1986: 21-44 ؛ **الحفيد و شكر**، 1990: 30).

شایانی وتنە ڕوبەری چێندراوی زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمی گەنم وجۆ لەسالانی (1986-1987-1988) بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش زیاتر بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و شەڕ لە ناوچەکە و سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە ناوچەکانی کوردستان بوە(نێروەیی، 2010: 254). ڕوبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی گەنم وجۆ لەسالانی (1989-1990-1991) هەڵکشان وداکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک لەساڵی 1989 ڕوبەری چێندراوی گەنم وجۆ زیادی کردوە، بەڵام بەرهەمی گەنم کەمی کردوە، کەچی بەرهەمی جۆش زیادبوە، بەڵام لە ساڵی 1990 ڕوبەری چێندراوی گەنم وجۆ و بەرهەمەکانیان ڕوەو هەڵکشان چوە (احمد، 1994: 48). هەرچی ڕوبەری چێندراوی گەنم وجۆ و بەرهەمەکانیانە لە ساڵی 1991، پێچەوانە بو، بەجۆرێک ڕوبەری چێندراوی گەنم و بەرهەمەکەی زیادبو، بەڵام ڕوبەری چێندراوی جۆ و بەرهەمەکەی کەمبوەوە، ئەمەش بەهۆی زیادبونی خواستی لەسەر بەرهەمی گەنمەوە بو کە بەهۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق، نەتەوە یەکگرتوەکان بەبڕیاری ژمارە (661) ئابلۆقەی ئابوری خستبوە سەر عێراق، بۆیە جوتیاران زیاتر بەرهەمی گەنمیان چاندبو(المشاط، 2008: 124).

جێگای ئاماژەیە پارێزگای هەولێر لەسـالآنی 1975-1991 لەڕیزی پێشـەوەی پارێزگاكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردسـتان وبەرهەمهێنەرانی گەنم بوە لەعێراقدا، بەجۆرێك لەم ماوەیە لەسـەر ئاسـتی پارێزگاكانی كوردسـتان ڕیزبەندی یەكەمی گرتوە، و لەسـەر ئاسـتی عێراقیش دوای نەینەوا و كەركوك هاتوە (وزارة التخطيط، 1976،1991: 70، 64). سـەبارەت بە پۆلێنكردنی بەرهەمی گەنم وجۆ بەپێی ئامارە فەرمییەكانی حكومەت لە قەزاكانی سـەر بە پارێزگای هەولێر لە سـالآنی 1975 – 1991 بەمشـێوەیە بو، قەزای مەخمور بەپلەی یەكەم و قەزای ناوەندی هەولێر بەپلەی دوەم و وقەزاكانی شـەقلاوە و كۆیە و ڕواندز و چۆمان و زێبار، بەپلەی سـێیەم و چوارەم و پێنجەم وشـەشـەم و حەوتەم لە بەرهەمهێنانی گەنم وجۆ هاتون (وزارة التخطيط،1976،1990 : 13، 34).

دەتوانیین بڵێین زۆربەی ئەو هەڵكشان وداكشانەی لەڕوبەری چێندراوی زەوی كشتوكاڵی بۆ بەرهەمی گەنم وجۆ وبەرهەمەكانیان لەسـالآنی 1975-1991 دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارە سیاسییەكان وەك بارودۆخی سیاسـی و بڕیار و یاسـای چاكسـازی كشـتوكاڵی و سیاسـەتی كشـتوكاڵی، كە حكومەت كاریگەری باش و خراپیان لەسەر بەروبومی گەنم و جۆدا هەبو.

**3- بەرهەمی برنج**

بەرهەمێكی هاوینەیە و پێویستی بەڕێژەیەكی زۆری ئاو و بەرزی پلەی گەرما هەیە، و لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان بە خۆراكێكی سەرەكی دانیشتوان دادەنرێ، بەهۆی پێكهاتە خۆراكییەكەیەوە، كە ڕێژەیەكی باش لە وزە و پڕۆتینی تێدایە. هەروەها بەرهەمی برنج بە دو ڕێگا دەچێنرێ، ڕێگای یەكەم، بە شێوەی تۆو، ڕێگای دوەم، بە شێوەی شەتڵ (خصباك، 1973: 308-310). بەرهەمی برنج لە مانگی نیسان دەچێنرێ و لە كۆتایی مانگی ئاب دەدروێتەوە، هەندیك جاریش لە مانگی حوزیران یان تەمموز دەچێنرێت و لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول بۆ كۆتایی مانگی تشرینی یەكەم دەدروێتەوە(مصطفى، 2014: 43) بەبەراورد بەناوچەكانی ناوەڕاست وخوارووی عێراق لە پارێزگای هەولێر كەمتر ئەم بەرهەمە چێندراوە، چونكە چاندنی برنج پێویستییەكی زۆری بەئاوە، لە هەولێریش پڕۆژەی ئاودێری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی برنج بەقەبارەیەكی فراوان نەبوە، بەڵام هەر لەكۆنەوە لە پارێزگای هەولێر بایەخ بەچاندنی دراوە بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە ناوەخۆییەكان (چاوشلی، 1987: 58-59).

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەكان ڕوبەری چێندراوی زەوی كشـتوكاڵی بۆ بەرهەمی برنج وبەرهەمەكەی بۆ سـالآنی 1975-1991 هەڵكشـان وداكشـانی بەخۆیەوە بینیوە (بڕوانە پاشـكۆی ژمارە 2). شـایانی وتنە ڕوبەری چێندراوی بەروبومی برنج و بەرهەمەكەی دەرئەنجامی چەند هۆكارێكی سـیاسـی لەوانە ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و نسكۆی شۆڕشی كوردستان لە ساڵی 1975ودوبارە سەرهەڵدانەوەی

خەباتی ڕزگاریخوازی کوردســتان لە ســاڵی 1976و دروســتبونەوەی شــەڕ لەنێوان هێزی پێشــمەرگەو ســـوپای عێراق(محمود،1992: 18) و بەردەوام بونی پرۆســـەی ڕاگوســـتن وخاپورکردنی گوندەکان کاریگەرییان هەبو لەســـەر هەڵبەزین ودابەزینی بەرهەمی برنج، چونکە بەهۆی شـــەڕەوە ڕوبەری زەوی چێندراوی برنج ســـوتا و لەناوچو(احمد، 1994: 48)، ئەمەش وای کردوە بەرهەم کەمبێتەوە **(وزارة الزراعة، بيانات غير منشورة: 34)**.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- لەماوەی 1975-1991 بەهۆی ناســەقامگیری بارودۆخی ســیاســی باشــوری کوردســتان پرۆســەی پەرەپێدانی ئابوری و چالاکییە کشتوکاڵییەکان کەمبۆتەوە.
- لە ئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق زەرەروزیانێکی زۆر بەر کەرتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر کەوت.
- سیاسەتی ڕاگواستن وبڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی کاریگەرییان کردبوە سەر خاوەنداریتی زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر.
- بۆمان دەردەکەوێت لەماوەی توێژینەوەدا بەرهەمی بەربومە دانەوێڵە لە پارێزگای هەولێر وەک یەک نەبون، بەجۆرێک بەرهەمی گەنم و جۆ کە لەساڵانی هەشتا ونەوەت بەراورد بە ساڵانی حەفتاکان زیاتر بوە، کەچی بەرهەمی برنج بەپێچەوانەیە لەساڵانی حەفتا وهەشتاکان زیاتر بوە لەساڵانی نەوەت.

# (The effect of political factors on agricultural land ownership and grain crops in Erbil Governorate 1975-1991)
## (A research about the Economic history)

**Najmaddin Abdullah Ismael**[1] - **Mahdi Muhammad Qader**[2]

[1+2]History Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This research is entitled the impact of political factors on the ownership of agricultural land and cereal crops in Erbil province in 1975-1991. During the research, the agricultural situation in Erbil province was of special importance for economic development. These include the industrial and commercial sectors, as agricultural products have become an important resource used as raw materials in the industrial sector, in addition to agricultural activities and products have affected the movement and trade processes and exchange. Whether in domestic or foreign trade. Ownership of agricultural land in Erbil province has been under the influence of the Agricultural Reform Law to regulate and improve agricultural land. Based on several official government data and statistics obtained, the impact of political events in Iraq and Kurdistan on the ownership of agricultural land and grain crops in Erbil province between 1975-1991 is presented.

**Keywords:** Agriculture, Erbil Province, Ownership, Land, Crops, Political.

**پاشکۆی ژمارە(1)**

**ڕووبەری چێندراوی گەنم وجۆ و بەرهەمەکانیان لە پارێزگای هەولێر لەسالآنی 1975-1991**

| سال | ڕووبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی گەنم / دۆنم | بەرهەم (تەن) | ڕووبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی جۆ / دۆنم | بەرهەم (تەن) |
|---|---|---|---|---|
| 1975 | 604500 | 54103 | 127800 | 17688 |
| 1976 | 624000 | 72634 | 165800 | 29645 |
| 1977 | 549600 | 47870 | 159500 | 24787 |
| 1978 | 663000 | 80157 | 270100 | 42460 |
| 1979 | 616800 | 69698 | 340700 | 64358 |
| 1980 | 684400 | 107500 | 69200 | 41800 |
| 1981 | 652900 | 88100 | 21100 | 18800 |
| 1982 | 602100 | 79600 | 20210 | 17500 |
| 1983 | 723200 | 81100 | 41640 | 66900 |
| 1984 | 731200 | 81900 | 41640 | 67600 |
| 1985 | 741804 | 84994 | 419100 | 68600 |
| 1986 | 634500 | 121200 | 278100 | 18900 |
| 1987 | 512600 | 66100 | 265600 | 17700 |
| 1988 | 381000 | 61200 | 197200 | 11900 |
| 1989 | 384241 | 41667 | 358019 | 28831 |
| 1990 | 627649 | 138203 | 993400 | 191674 |
| 1991 | 973479 | 146021 | 593216 | 112710 |

**(وزارة التخطيط ، 1990: 123؛ الآمانة العامة للإدارة الزراعية والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي، 1991: 122؛ احمد، 1994: 95؛ محمود، 1992: 106 ؛ وزارة الزراعة والري للإقليم كردستان العراق، بيانات غير منشورة: 88)**

**پاشکۆی ژمارە(2)**

**ڕوبەری چێندراوی بەروبومی برنج و بەرهەمەکەی لە پارێزگای هەولێر لەسالآنی 1975-1991**

| ساڵ | ڕوبەری چێندراوی زەوی بۆ بەرهەمی برنج/ دۆنم | بەرهەم (تەن) |
|---|---|---|
| 1975 | 600 | 280 |
| 1976 | 500 | 230 |
| 1977 | 300 | 180 |
| 1978 | 288 | 170 |
| 1979 | 280 | 166 |
| 1980 | 1500 | 650 |
| 1981 | 900 | 480 |
| 1982 | 790 | 255 |
| 1983 | 840 | 500 |
| 1984 | 850 | 501 |
| 1985 | 853 | 530 |
| 1986 | 888 | 600 |
| 1987 | 300 | 125 |
| 1988 | 88 | 50 |
| 1989 | 80 | 42 |
| 1990 | 250 | 100 |
| 1991 | 430 | 200 |

**(وزارة التخطيط، 1991،1984: 22، 45-65؛ وزارة الزراعة والري لإقليم كردستان العراق، بيانات غيرمنشورة: 81).**

## سەرچاوەکان


حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان، وەزارەتی کشـــــتوکاڵ و ئاودێری، بەرێوەبەرایەتی گشــــتی پلان دانان وبەدواداچونەوە، بەرێوەبەرایەتی پلان دانان، بەشی ئامار، زانیاری (بلاونەکراوە).

حکومەتی هەرێمی کوردســــتان، وەزارەتی کشــــتوکاڵ و ئاودێری، بەرێوەبەرایەتی گشــــتی پلان دانان وبەدواداچونەوە، بەرێوەبەرایەتی پلان دانان، بەشی ئامار، داتای (بلاونەکراوە).

وزارة الزراعة والري لإقليم كردستان العراق، مديرية التخطيط والمتابعة، بيانات غير منشورة

الجمهورية العراقية(1981)، وزارة الخارجية، اللجنة الاستشارية، النزاع العراقي – الايراني (ملف وثائقي)، ملحق رقم (14).

الجمهورية العراقية(1976)، وزارة الزراعة، ألآمانة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي، دليل الاراضي الزراعية في منطقة الحكم الذاتي لسنة 1975، المطبعة الاديب، البغدادية.

الجمهورية العراقية(1976)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1975، المطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد.

الجمهورية العراقية(1978)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1977، المطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد.

الجمهورية العراقية(1980)، المصرف الزراعي التعاوني، المركز العام، التقارير السنوية للمصرف الزراعي التعاوني للسنوات المالية 1975-1976-1977-1978، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1980)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1979، المطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد.

الجمهورية العراقية(1981)، وزارة الزراعة، مديرية التخطيط والمتابعة العامة، قسم الإقتصاد الزراعي والإحصاء، إنتاج المحاصيل الشتوية و الصيفية في العراق لموسم 1975-1979، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1982)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1975-1980، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1983)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1982، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1984)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، دائرة الإحصاء الزراعي، التقديرات المساحات المزروعة ومتوسطة الغلة ومجموع الإنتاج الكلي للمحاصيل الزراعية الصيفية في العراق للفترة 1975-1980، المطبعة الحكومية، بغداد.

وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي(1986)، مديرية التخطيط والمتابعة، التقرير السنوي لاعمال ومنجزات وزارة الزراعة واالاصلاح الزراعي، مديرية الاحصاء لسنوات 1983،1984،1985، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1987)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1980-1986، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1988)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1987، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1988)، وزارة الزراعة، مديرية التخطيط والمتابعة العامة، قسم الإقتصاد الزراعي والإحصاء، إنتاج المحاصيل الشتوية و الصيفية في العراق لموسم 1980--1986، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1989)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1988، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1990)، وزارة الزراعة، ملفات السنوية للاراضي الزراعية في منطقة الحكم الذاتي لسنة 1987-1988، المطبعة العاني، بغداد.

الجمهورية العراقية(1990(، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصاء السنوية للسنوات 1970-1988، طبع في المطبعة الوطنية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1990)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لمحافظة أربيل لسنة 1990، المطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقية(1991)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، دائرة الإحصاء الزراعي، المجموعة الإحصائية للمحاصيل الزراعية الصيفية في العراق للفترة 1980- 1990، المطبعة الحكومية، بغداد.

ألامانة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي(1991)، دليل الزراعي السنوي للاراضي الزراعية والنشاط الزراعي في منطقة الحكم الذاتي لسنة 1990، د. م. ط، بغداد.

الآمانة العامة للزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي(1991)، دليل الزراعي السنوي للاراضي الزراعية والنشاط الزراعي في منطقة الحكم الذاتي لسنة 1990، د. م. ط، بغداد.

الآمانة العامة الإدارة الزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي(1991)، الراعي الطبيعية في منطقة الحكم الذاتي، اربيل، كانون الاول .

الجمهورية العراقية(1991)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، دائرة الإحصاء الزراعي، للمحاصيل الشتوية، المطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد.

الجمهورية العراقية(1991)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، دائرة الإحصاء الزراعي، النتائج والأرقام القياسية للمحاصيل الزراعية الآربع (حنطة، شعير، شلب، القطن) في العراق للفترة 1980-1990، المطبعة الحكومية، بغداد.

الآمانة العامة للزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي(1992)، مديرية التخطيط والمتابعة،التقارير السنوية لمتابعة مؤشرات خطة عمل الامانة العامة لادارة الزراعة والاصلاح الزراعي للسنوات (1980-1990) طبع في المطبعة الوطنية، بغداد.

االحزب الديموقراطي الكوردستاني(1996)، مشكلة الارض و واقع الزراعة في كوردستان العراق، من منشوارة مكتب الدراسات والبحوث المركزي، مطبعة هاوار، دهؤك.

الاتحاد الوطنى الكردستانى، المكتب العسكرى، بلاغ رقم (70)، 28شباط 1982.

بەختیار سەعید مەحمود(2012)، لیوای سلێمانی (1921 – 1958)، تێزی دكتۆرا (بڵاوكراوە)، پێشكەشی ئەنجومەنی فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتیەكان، زانكۆی كۆیە كراوە.

گۆران مصطفی محمد(2005)، كاریگەرییە ئابورییەكانی پرۆسەكانی جینۆسایدی گەلی كورد لە گەرمیان، دبلۆمی باڵا لە ئابوری (بڵاونەكراوە)، كۆلێژی كارگێری و ئابوری، زانكۆی سەلاحەددین –هەولێر.

لەنجە سەلاح عەبدولكەریم(2010)، شیكردنەوەیەكی جوگرافیایی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم وجۆ لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی 1997 – 2005، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی .

ئارام ئەبو بەكر حەمەد ئەمین(2016)، بارودۆخی سیاسی پارێزگای هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی 1979–1991، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر، كۆلێژی ئاداب.

جوان سعيد حسين(2004)، اثر قرار (النفط مقابل الغذاء) في انتاج المحاصيل الديمية (حنطة، شعير، حمص، عدس)، في محافظة أربيل للمدة (2002-1986)، ماجستير (غير منشورة)، كلية الإدراة والإقتصاد، جامعة صلاح الدين – أربيل.

محسن ابراهيم احمد(2004)، واقع القطاع الزراعي في اقليم كردستان العراق وسبل تنميه خلال المدة (1974-1993)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، مقدمة الي مجلس كلية الادراة والإقتصاد في جامعة صلاح الدين – اربيل.

بورهان حاتم عثمان(2019)، بارودۆخی ئابوری پارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958 - 1975، دكتورا (بلاونەكراوە)، زانكۆی سەلاحەددین –هەولێر، كۆلێژی ئاداب، بەشی مێژو.

ازاد محمد سعيد(2010)، كوردستان في استراتيجية القوى الكبرى، القرن العشرون وما بعد، اطروحة دكتورا (غيرمنشورة)،جامعة صلاح الدين –اربيل، كلية القانون والسياسة، نيسان.

عبدالحميد احمد اليونس (دكتؤر)(1995)، إنتاج وتحسين المحاصيل الحقلية، ط(2)، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.

ناهدة احمد محمود(1992)، دراسة امكانات منطقة كردستان للحكم الذاتي و دورها في تحقيق الامن الغذائي في العراق، رسالة مقدمة الي مجلس كلية الادارة والإقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل.

جاسم توفیق خۆشناو (2002)، مەسەلەی كورد و یاسای نێو دەوڵەتان، لەبڵاوكراوەكانی مەڵبەندی لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان، سلێمانی.

حەسەن ئارام(2011)، مەوسوعەی پارتە سیاسیەكانی كوردستان وعێراق 1908–2005، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی،2012.

دەرسیم دیبەگەیی(2008)، ئینسكۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال وكوردۆسایدكردنی گەلی باشوری كوردستان، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.

ڕێباز(2008)، قەندیل بەغدای هەژاند، چ(2)، بنکەی ڕۆشنبیری شەهید، سلێمانی.
عەلی تەتەر نێروەیی(2008)، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق وئێراندا، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
عەلی تەتەر نێرەوی(2020)، سیاسەتی حکومەتی عێراق لەکوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا (1975-1991)،ب2،چاپخانەی زانکۆیا دهۆک، دهۆک.
فائیق گوڵپی (دکتۆر)(2013)، سیاسەتی نەتەوەپەرستیی داگیرکەران وپەرچەکرداری خێڵەکی کورد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
کامەران بابان زادە، ڕێکەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشور،چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
کەندالّ وئەوانی تر(2002)، گەلێکی پەژموردە ونیشتمانی پەرت، و: گۆمەیی حەویزی، چ(2)،سوید.
مراد حەکیم محەمەد، (2004)، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعس دا، مەڵبەندی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
میدڵ ئیست ووچ،(1999) ، جینۆساید لەعێراق وپەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،و: سیامەندی موفتی زادە،چاپخانەی خاک،سلێمانی.
مەحمود کەریم ئەحمەد، (2003)، بەرهەمهێنانی گەنم لە هەرێمی کوردستاندا (1998-1989)، پارێزگای سلێمانی وەک نمونەی پراکتیزەکردن، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
هادی چاوشلی،(1987) ، هەولێر لەگەڵ کاروانی فەلەک، چاپخانەی الجاحظ، بغداد.
هیومان رایتس ووچ / میدڵ ئیست ووچ،(2013)، جینۆساید لەعێراقدا – پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چ(3)، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عرفان، ب.ش.
هەژار عەزیز سورمێ(1998)، کورد و جینۆساید وئیبادەکردن (هەڵوێستی نێو دەوڵەتی)، چاپخانەی خەبات، دهۆک.
ئارام بلال خلیل،(2014) پرۆسەی ڕاگواستنی دانیشتوانی باشوری کوردستان لەسەدەی بیستەم، چاپخانەی ئەوین، تاران.
ئازاد ئەحمەد ولی،(2008) خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی.
ئاسۆ حەسەن،(2007) لەدوڕیانی مەرگ و ژیاندا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکراوەی موکریان، هەولێر.
یوسف دزەیی(2001)، ئەنفال، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ئیبراهیم جەلال،(1998) خواروی کوردستان وشۆرشی ئەیلول – بنیاتنان وهەڵتەکاندن 1961-1975، چ(2)، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی شێێ، سلێمانی.
ئەمین قادر مینە(1999)، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سیکۆچکەی بەعسیان تەرحیل وتەعریب و تەبعیس، چ(3)، سلێمانی .
خليل ابوبكر محمد(2018)، الإقتصاد العراق، دار النور للطباعة والنشر، بيروت .
خليل اسماعيل محمد(2002)، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، ط2، مطبعة جامعة صلاح الدين –اربيل.
صلاح الدين محمد الحفيد (دكتور) و اسماعيل علي شكر،(1990)، القطاع الزراعي وآهميته في تحقيق الامن الغذائي، مطابع دار الحكمة، أربيل.
عباس النصراوي،(1995)، الاقتصاد العراقي، ت: محمد سعيد العزيز، ط(2)، دار الاكنوز الادبية، بيروت.
عبدالحميد احمد اليونس (دكتۆر)(1995)، إنتاج وتحسين المحاصيل الحقلية، ط(2)، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.
علاء طاهر، العالم الاسلامي في الاستراتيجيات العالمية المعاصرة، مركز الدراسات الغربي الاوروبي، باريس.
علي سنجاري، القضية الكوردية والحزب البعث العربي الإشتراكي في العراق،ج(3)،2008، مطبعة خاني، دهۆك.
علي عبدالوهاب النعيمي(2000)، جغرافية الزراعية، دار النور للطباعة والنشر، بيروت.
غفور مخموری(2013)، تعريب كوردستان، التعريب- المخاطر – المواجهة، ط(2)، مطبعة رۆژهەڵات، اربيل.
ليلاف حمد امين عزيز(2007)، الحقوق السياسية للكرد، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية.
مارتن فان برونيسن(2007)،الاغا والشيخ والدولة،البنى الاجتماعية و السياسة لكوردستان،ت: امجد حسين، اربيل.

محمد علي زيني(1995)، الاقتصاد العراقي في ظل نظام صدام حسين، مؤسسة الرافد للنشر والتوزيع، لندن.

هادي حسن العلاوي و وليد الحديثي(1991)، صدام حسين وقضية الثقافة والاعلام، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

Brendan O'Leary,John MC Garry and Khaled Sallh(2005) ,The Future of Kurdistan in Iraq ,(Phlladelphla.

Dale Lightfoot(2006), Modern World Nations, Iraq, Chelsea House Publishers, New York .

جاسم توفیق خۆشناو(1992)، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوەخۆیی نیە "سیاسەتی دەوڵی" ،(گۆڤار)، ژ(3)، تشرینی یەکەمی.

سلێمان عبدالله ئیسماعیل(1999)، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی "گۆڤار "، ژ (12).

قارەمان حەیدەر رحمان و ئارەزو یوسف(2016)، بارودۆخی ئابوری پارێزگای هەولێر 1975-1991، ئەکادیمیای کوردی " گۆڤار " ژ(36).

محەمەد عەبدوڵڵا عومە(2002)ر، ئەنفالی پارێزگای هەولێر (هۆکارو دەرئەنجام)، مەڵبەندی برایەتی (گۆڤار)، ژ(24).

نەجمەددین عەبدوڵڵا ئیسماعیل و ئیسماعیل عبدوڵڵا ئیسماعیل(2017)، کاریگەریی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق لەسەر بارودۆخی ئابوری کوردستان، ئەکادیمیایی کوردی "گۆڤار "، ژ(37) چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

نەژاد (1978)، ڕیپۆرتاژ، دەنگو باسی ئۆتۆنۆمی، الحكم الذاتی (ئۆتۆنۆمی) "گۆڤار " ژ(2)،ساڵی سێیەم.

الوقائع العراقية "الجريدة " ع (2495)، 10/9/ 1975.

الوقائع العراقية "الجريدة "،ع (2843)،1980/8/3.

الوقائع العراقية "الجريدة " ع (2744)،1981/4/11.

الوقائع العراقية"الجريدة " ع (2856) 1981/11/2.

الوقائع العراقية " الجريدة " ع (3158)،1987/7/13.

الشعب " الجريدة " ع (15)، نيسان 1985.

فەرید ئەسەسەرد(2010)، ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان1914-2005،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی.